نێچیری هەفتە 5-4-2005

علي محمود محمد

– مام سەردار پشدەری خۆی بە خاوەنی دوا قەترەی نەوتی کوردستان دەزانێت بەوەی خوار بەدرەو جەسانیشەوە , لێمە پرسێت نەوتی کوردستان گرنگترە یان چای ئەحمەدی کە شەوو ڕۆژ سەتەلایتە کوردییەکان پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن . مام سەردار بەلای منەوە ئەگەر تورە نەبێت دەڵێم چای ئەحمەدی , چونکە چایەکە خەڵك ئەی خواتەوە , بەڵام نەوتەکە تەنها بەرپرسان .

– پەیوەندییەکانی دەرەوەی ینك ڕای گەیاند بەڕێز مام جەلال ئاسانکاری دەکات تا ڕەنا سەدامی باوکی ببینێت , هیوادارم مام جەلال ئەگەر بووە سەرۆك کۆمار ئاسانکاری ئەوەش بکات لە یادی 17 ساڵەی ئەنفالدا کەس و کاری قوربانییان ئێسك و پروسکی ئازیزانییان بدۆزنەوە .

– وەزیری تەندروستی عێراق ووتی : ڕۆنی بایەعییەکە بەکار هێنانی دەبێتە هۆی نەخۆشی شیرپەنجە , بابە ئەو هەواڵە بۆ ئێمەی کورد زۆر زۆر کۆنە . بۆ مەگەر نازانن بۆچی دانە8 ساڵە یەك بەرپرسی کوردی مراکێك لەو گریسەیان نەخواردووە .

– لە سلێمانی سواڵکردن یاساغکرا , هەنگاوێکی دڵخۆشکەرەو جێی تێڕامان و لەسەر وەستانە , دیارە ئەم هەنگاوە لەبەر ئەوەیە سۆسیالەکەیان زیادکراوە .

– پێشمەرگەیەکی قارەمان لەم نەورۆزە خۆی سوتاند , لە داخی ئەو سەرکردایەتییەی چەندین ساڵ لە پێناویدا قوربانی دا , کەچی هیچییان بۆی نەکرد . لە هەر وڵاتێکی کە

ئەم فەزیحە سیاسییە  ڕوی بدایا, هەموو سەرکردایەتی و گەندەڵی ناو ئەو پارتەی لەگەڵ خۆیدا دەسوتاند , بەڵام لەم کوردستانە هەرچی عارەبانەچی کۆنە پێشمەرگەی بە هەڵوێست  هەیە , هەموو  بن بە خۆڵەمێش , حکومەت لە شوێن خۆی ناجولێت . قوربانیش دەکەن بە بڵێسەی نەورۆز.

– برادەرێك نامەم بۆ دەنووسێت و دەڵێت کادیرێکی مام ناوەندی پارتێکی دەسەڵاتدارم , لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن هەردوو حیزب برای یەکترین , لە کۆبونەوەکانی خۆشمان دوژمن , کۆبونەوە نییە لەم گەرمی پەیوەندییەی بەغدا  لە جاران زیاتر ددان تیژ نەکەینەوە لە یەکتر . بابە ئەوە تازە نییە , تۆ ئاگات لە پاراستن و زانیاری نییە , ئەوان نەك ددان بەڵکە  کەڵبەشییان بۆ گییان یەکتر کردووە بە ئەڵماس  .

– پارتە  دەسەڵاتدارەکانی کوردستان لە بەڵێن دان و ڕازاندنەوەی بەرنامەی هەڵبژاردن بۆ ئەو شوێنانەی لە ژێر دەسەڵاتی لایەنی ڕەقیبە پسپۆرن , یەکێتی لۆ هەولێر  و دهۆك , پارتیش بۆ سولەیمانی , لە ناوچەی خۆشیان چاڵێکیان پیٚ پڕ ناکرێتەوە. حکومەتەکەی عەلاوی لە ژیانی باسی هەژارانی نەکردووە , کەچی بیمەی بێکاری بە بڕی **130000** دیناری بۆ بێکارانی سەرتاپای عێراق بڕییەوە , سەر ئەگریٚ یان نا ئەوە شتێکی کەیە . ئەم مانگانەیە تا دەگاتە دەست بێکارانی کوردستان , جگە لەوەی دەکرێتە دەسکەوتەکانی سەردەمی شۆڕشی شاخ و خەباتی چەکداری تەنها تفەنگەکان خۆیان ,  **30000**ەکەی بمێنێتەوە زۆر زۆر مەمنونیین . هەرچەندە ترسم هەیە لە جیاتی ئەوەی بۆ بێکاران بێت , فەوجە خەفیفەکانی دەنگدانی خولی داهاتووی هەڵبژاردنی پیٚ دامەزرێت ! ! . باشە ئەمە دوون و لە یەکتری دەترسن وا  ئەم بەزمە دەکەن , یەك بونایە لەبەر زەوی داگیر کردن شوێن قەبرێکیان بۆ غەوسیش ناهێشتەوە  .